| حكومة إقليم كوردستان- العراق<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة التربية<br>المديرية العامة للأمتحانات والشهادات<br>اللجنة العليا للامتحانات العامة | Council of Ministers- Ministry of Educatio<br>ISO 9001:2015 | حكومەتی هەرێمی کوردستان<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>ب.گ . ئەزموونەکان وبڕوانامەکان<br>لێژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان |
|---|---|---|

ژمارە : MOEK-DEX 23 / العـدد: ١٧٢٠

ڕێکەوت: / / 2720 كوردى التأريخ: ٢٢ / ٢ / 2021

## بۆبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، هەڵەبجە ، گەرمیان)

## بابەت/ڕوونکردنەوە

**دوابەدوای فەرمانی وەزاری ژمارە(٢٢)لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٠١/١٤ ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو .**

1-سەبارەت بە بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەرەتی پۆلی (٣،٢،١)ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە فۆرمیان پرکردۆتەوە بە شێوەی ئارەزوو مەندانە بەشداری خوێندنی ناو پۆل ناکەن ئەوا پێویستە لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتای وەرزی پۆلە ناکۆتاکانی (٤ تـــا ١١) ئامادەبن لە قوتابخانە بەمەبەستی هەڵسەنگاندیان لە لایەن مامۆستای بابەت لەسەر (١٠٠)نمرە بۆ دەکرێت بە پێی خشتەیەکی تایبەت لە لایەن قوتابخانەوە بە ڕەچاووکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان.

2-بۆ تۆمار کردنی نمرەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە خاڵی (١)سەرەوە ئەوا پێویستە نمرەکان بەدەست هاتوو بکرێتە چوار هەڵسەنگاندن و لە سیستەمی ئی پەروەردە تۆمار بکرێت.

3-سەبارەت بەو قوتابی و خوێندکارانەی بەشداری خوێندنی ناو پۆڵ ناکەن لە پۆلەکانی (٤ تـــــا ١٢) ئەوا پێویستە قوتابی بەردەوام بە دواداچوون بۆ کاتی تاقیکردنەوەکانی نووسینەکی (٢٠%) بکەن وخشتەی تاقیکردنەوەکان لەلایەن قوتابخانەوە رابگەینرێت چ لە ڕێگای هەڵواسینی ئاگادارکردنەوەکان و چ بە ڕێگای تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە بێت بۆ ئەوەی قوتابی بەشداری ئەو تاقیکردنەوەیە بکات وە ئەگەر قوتابی بەشداری نەکرد ئەوا نمرەی (سفر)ی بۆ دادەنرێت لەو تاقیکردنەوەیە.

4-ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بەشداری خوێندنی ناو پۆل ناکەن بەشێوەی ئارەزوومەندانە ئەوا بۆ دانانی نمرەی هەردوو هەڵسەنگاندنەکان(١٠%)، نمرەی بەدەست هاتووی تاقیکردنەوەی نووسنەکی (٢٠%) دەکرێتە نیوە لە شوێنی هەردوو هەڵسەنگاندنەکان دادەنرێت لە سیستەمی ئی پەروەردە و تۆمارەری نمرەی مامۆستایان. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی تاقیکردنەوەی وەرزیەکان لەسەر ٦٠نمرە دەبێت.

5-قوتابیانی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی لەو وەرزی یەکەم تەنها نمرەی تاقیکردنەوەی هەردوو هەڵسەنگاندنەکان (١٠%) و تاقیکردنەوەی نووسینەکی (٢٠%) دەبێت بۆ هەروەرزێکی خوێندن واتا (٤٠%) بۆ هەروەرزێک و پاشان نمرەی هەردوو وەرز کۆدەکرێتەوە دابەشی دوو دەکرێت بە مەبەستی دەرهێنانی نمرەی کۆشش .لەم قۆناغە قوتابی خوێندکاری تاقیکردنەوەی کۆتای وەرزەکان نـــاکات و تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٦ لەسەر ٦٠نمرە دەکەن.

6-سەبارەت بە قوتابیانی دەرەکی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی ئەوا تەنها بەشداری تاقیکردنەوەی نیشتمانی دەکەن لەسەر لە (١٠٠%)نمرە دەبێت.

7-پێویستە تاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی لەگەڵ تاقیکردنەوەی پۆلە ناکۆتاکانی بێت بە ڕەچاووکردنی ئەوەی هەموو ئەو قوتابخانانەی دوو دەوامن وەیان ئێوارانن وەیان خوێندنی خێران ئەوا لەگەڵ قوتابیانی خوێندنی ڕۆژ بە کاتی بەیانیان بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا.

**د.سەیوان علی رضا**
**بریکاری وەزارەت/**
**بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان بەوەکالەت**

وێنەیەک بۆ :

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە... لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت ...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان.. لە گەڵ هاوپێچ
- خولاو.